# .چاوەڕوانیەکی دڵخۆشکەرانە لە کۆنگرەی ١ی پارتێکی سەردەمییانە، پارتی سەربەستیی کوردستان




**هاشم موحەممەدی**

زۆر لە مێژە ڕۆڵە بەنرخەکانی ئەم گەلە لە پێناو وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن، بەڵام لە پاش خەبات و تێکۆشانێکی زۆر شۆڕشەکان یان سەرهەڵدانەکان تێکشکاون ، داگیرکەران توانیویانە بۆ ماوە یەکی کورت ئەم شۆڕشانە سەرکوت بکە ن، بە لام دیسانەوە بڵێسەری گڕی شورشەکان لە قوژبنێکی دیکەی ئەم نیشتیمانە سەریهەڵداوەتەوە و یەک لە دوای یەک پەیدا بوونە تەوە ، هەرچەند دەست کەوتەکانی ئەو شۆڕشانەهەمیشە نۆژەن کردنەوەی بیری کوردستانی لە نێو خەڵکدا بە هێزکردوەتەوە، بەڵام بە داخەوە نەیانتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنن، بۆ سەلماندی ئەوەش دەتوانین باسی زۆر خاڵ بکەین کە بووەتە هۆی ئەوە کە ئەم شۆڕشانە لە گەڵ دۆڕاندندا ڕووبە ڕوو ببنەوە ، بەلام ئەو خالەی کە لێرەدا من بە پێویستی دەزانم باسی بکەم، ئەوەیە کە پێم وایە ئەو شۆڕشانە بە بێ بە رنامە بەڕێوە چوون، هەر بۆیە نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێویست بەرهەمی خەباتەکانیان مسۆگەر بکەن ، هەر وەک ئەمڕۆ کە هێشتا پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانیوە بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان خۆیاندا ساز بکەن، بە بۆچونی من هندێک لە شۆڕشەکان

ئامانجێکی دیاریکراو کورتخایەنی هەبووە، وەک هندێک لەسەرهەڵدانەکان کە شۆڕشیان کردووە بۆ ئەوی تەنها بە سەر ناوچەیەکی دیاریکراودا دەسەڵاتی هەبێت، بەشێك لە شۆڕشەکانە خاوەنی بیرۆکەیەکی نەتەوەیی بوون و بە مەبەستیی لە بەین بردنی ئەو زوڵم و ستەمە بووە کە لە گەلی کورد کراوە. بەڵام نەیتوانیوە خاوەن بەرنامەیەکی پان وبەرین و ستراتیژ بێت، هەر ئەوەش بووەتە هۆکارێک کە نەتوانن پەل و پۆ زیاتر بهاوێژن بۆ ناوچەکانی دیکە، زۆر هۆکاری دیکە هەن کە باسکردنیان زۆر کات دە بات، سەرەڕای هەڵسەنگاندنی کەموکورتییەکانی شۆرشەکانی پێشوومان، بەڵام جێی خۆیەتی کە ئەوە بڵێین ئەو شۆڕشانە جێگای ڕێزی زۆرن و پێویستە بەردەوام یادیان بکرێتەوە، چوون بە ڕاستی ئەگەر ئەوان نەبایەن لەوانەیە ئەم بیری کوردستانی بوونە لە نێو تاکی کوردا هەر نەمابایە، واتە ئەوان ڕیشەکی دارێکن کە سالانە گلاو پەلی تازەی لێدەبێتەوە.

بە پێی ئەو ئەزموونانەی ساڵانی ڕابووردومان و هەڵسەنگاندنیان بە شێوەیەکی زانستییانە دەمانهێنێتە سەر ئەو ڕاستییە کە: تەنها ڕێگا بۆ ڕزگاری یەکجاری لە ژێردەستی وگەیشتن بە سەربەستی وئازادی ومافی نەتەوایەتی، و پێکهێنانی کۆمەڵێکی لیبراڵ ودێمۆکرات تەنها خەباتە بۆ سەربەستیی. خەبات بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە خەونامەیەک بۆ خەون وئاواتە لە مێژینەکانی گەلەکەمان، چوون هیندێک کەس باس لەوە دەکەن گوایا خەبات بۆ سەربەخۆیی خەونە نەک راستی، بەڵام هەرگیز بە شۆێن ئەوەدا نەگەراون کە ئایا تاکەی هەر لە سەر ئەو خەون وخەیاڵە بژین، ئەی نابێت ڕۆژێک یا کاتێک بۆی دمست بە کار بین.

کە واتە بۆ ئەوە بتوانین بیری سەربەستی و هزری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەهێز بکەین، دەبێت هەوڵ بۆ ئەوە بدەین کە کەلتورێکی نەتەوایەتی بەهێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر بکەین.

بە خۆشیەوە و هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەرەتایی ساڵی ٢٠٠٦ ی زاینی پارتێک بە ناوی پارتی سەربەستیی کوردستان وەک کۆلکە زێرینەی سەر ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووناکایی خستە نێو هزرو دەروونی سەربەخۆخوازانی کوردەوە، ئەم پارتە لە ماوەی تەمەنی کورتیدا دەبینین کە هەنگاوی باشی هەڵهێناوەتەوە و لەو پێوەندیەشدا سەرکەوتنی باشی بە دەستهێناوە، ئەم پارتە لە تەمەنی کورتی خۆی دا گەڵێک چالاکیکی باشی سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی بیر و هزری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بە ئەنجام گەیاندووە کە شایانی بایەخ وگرنگی پێدانە. ئیستاش کە بەرەو کۆنگرەی یەکەمی خۆی ئامادە دەکات، کۆمەڵێکی چاوەڕوانی لە کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان بە دیدەکرێت، کە لەو کۆنگرەدا بەهەیندێک نۆێکاری و سیاسەتی سەردەمیانە پرۆژەی کاری چوار ساڵی خۆیان دیاریبکەن. ئەوەش کە بەڕاستی خەڵک چاوەڕیی دەکرد، بە تایبەت چینی ڕۆشنبیرانی کوردستان چاوەڕییان دەکرد، پرس وڕاوێژکردنی ئەم پارتەیە لەگەڵ خەڵکەکەی، کە هەموومان دەبینین هەر لە

سەرەتایی یەکەم ڕۆژی دە ست بە کار بوونی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەوە، بەردەوام بە پرس و ڕاوێژیان لە گەڵک کردوە ، ئە مەش لە ڕوانگەی زۆر کە سایەتی ڕۆشنبیری کوردستانییە وە بە هەنگاوێکی نوێ و ئە رێنی هەڵسەنگێندراوە. دیارە ئەگەر بیانەوێ ڕاوێژ لەگەڵ خەڵک نەکەن بۆ خۆیان وەک زۆربەی حیزبەکانی دیکە دەتوان هەر خاڵ و بەرنامەیەک پێیان باش بێت بیگونجێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پارتە خۆی بە پارتی گشت چین و توێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت خۆی لە خەڵکەکەی بە دوور نەگرتووە. بێگومان بوونی پارتێکی پێویستی وەک پارتی سەربەستیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە پشتگیری کۆمەڵانی خەڵک هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو پرۆژەو بەرنامە بە کەڵکانەی کە بۆ کۆنگرەی یەکەم ئامادەی کردوە بۆ پێشی بە رێت، بۆ ئە وەی بتوانێت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەیرانی نائۆمیدی بهێنێتە دەرەوە، زوڵم و زۆر وستەمەکانی ئێران بەرامبەر بە گەلی خاکداگیرکراوی کورد بە جیهان بناسێنێت. بەداخەوە کە دەبێت بووترێت کە هیندیک لە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەر کێشەدەروون حیزبی لە نێو گۆمی کێشە نێوخۆییەکانیان ون بون وکێشەی نەتەوەییان خستووەتە کەنارەوە. یا بە واتایەکی دیکە بڵێین کە نە یانتوانیوە، لە هەوڵی ئەوەدابن کە بۆ چارە سە رکردنی کێشەی سیاسی ونە تەوەی کورد هە نگاوێکی ئەرێنی هە ڵ بگرن ، ئەو کەمتەرخەمیانە وایانکردوە کە کێشەو ئازارەکانمان زیاتر قووڵببنەوەو درێژەیان هەبێت. خاڵێکی دیکەی جیاواز لە م پارتەدا دە بینرێت ئەویش ئەوەیە کە: پارتی سە ربە ستی کوردستان تە نها پارتێکی لیبراڵ دیموکراتە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەم هزرە نۆیەوە هاتووە تە نێو ئەم گۆڕەپانەی خەباتەوە. خاڵێکی دیکەو زۆر گرنگی ئەم پارتە ئەوەیە کە خەبات بۆ بە دە ست هێنانی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کردوەتە لوتکەی سەرەکی تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەیی، و لە نێو درووشمە سیاسی و ستراتیژیە کانیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

ئە گەر واقعبینانە لێی بڕوانین دەبینین کە بەردەوام دژی دڵڕاوکێی و پڕوپاگەندە ڕەنگاوڕەنگەکان کە هەمیشە وەک گولەیەک بەرامبەر بە سەربەخۆخوازانی کورد بە کار دە هێنرا ڕاوەستاوە، ئەو ترس و خۆفەی بۆ خەڵکیان دروست کردبوو لە نێو خەڵکدا سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، یا میدیایەکی بە هێز تا رادەیەک ئەو دڵەڕاوکێەی لە بەینداوەو هێز و ڕۆحیەی بە خەڵکەکەمانداوە. ئەوەش ئەوەمان بۆ دە ر دەخات کە ئەم پارتە توانیوێتی لە گەڵ ویستە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا یەکانگیر بێت و بە شێوەیەکی زانستیانە لە گەڵ کێشە سیاسیەکاندا هەڵسوکەوت بکات. لە سەر بناغەی ئەم ستراتیژیەی کە دەیهەوێت بە ردی بناغە ی کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات وسەربەست و سە ربەخۆدابنێت.

ئەم پارتە لە تەمەنی کورتی خۆی دا کە لە سەرەوە ئاماژەم پێی کرد زۆر کار و چالاکی سیاسی و نەتەوەیی لە بوارو شوێنە جیاجیاکاندا نواندوە، و هەوڵی زۆری بۆ ناساندی کورد وەک نەتەوەیەکی نا ئێرانی جیاواز لە و نەتەوانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە داوە. هەر لەم تەمەنە کورتەشدا بە هۆی ئە و کار و چالاکیانە ی کە هەبووە لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ

چارەسەرکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد، چەندین جار بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگهێشت کراوە، هەروەها لە پارلمانی ئۆرووپا و کاناداو چەندین وڵات و ڕێکخراوی دیکە بۆ کۆنفرانسەکان بانگهێش کراوە، ئەوەش بووەتە هۆکاری سەرەکی ناسینی پارتی سەربەستیی وەک پارتێکی ڕامیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دەیان کەسایەتی ناوداری جیهانی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم پارتەدا دروست بکەن، هەر لەم چەند مانگەی ڕابردووەدا سەرۆکی گشتی ئەم پارتە واتە کاک عارف باوەجانی جارێکی دیکە سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردو، لە گەڵ چەندین ژەنڕاڵ و سیاست وانی ئە مریکی سەبارەت بە کێشەی سیاسی کۆبوونەوە وچاوپێکەوتن لە مەڕ ئاڵوگۆڕی بیرو ڕاکان هەبووە، هەوڵیداوە زیاتر سەرنجیان بەرەو پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان راکێشێت.

ئەم پارتە بە هۆی چالاک و ئەکتیڤ بوونی توانیوێتی بە شێکی زۆر لە لاوانی کورد و سرنجی کوردستانیان بۆ لای خۆی ڕابکێشت ، هەروەها لە سەردەستی خەبات و تێکۆشای بێوچانی ئەو لاوە نەتەوەیانە توانڕاوە ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان دابمرزێنت، کە ئەوەش یەکێ لە سەرکەوتنە مەزنەکانی پارتی سەربەستی بووە. ئەگەر هەڵسەنگاندێک بکەین و دەبینین ئەم پارتە بەم کارانەی بەڕاستی جیاوازای لە خۆیدا دەبینێت و، دە بێتە ئەو پارتەی کە بوونی لەم سەردەمەدا پێویستییەکی ڕۆژە بۆ خەڵکەکەمان، چوون پارتێکی ئەکتیڤە وکێشەی گەلەکەمان چالاکانە دەخەتە ڕۆژەڤی ڕۆژە وە.

بۆ دە رخستنی جیاوازیەکی ئەمڕۆیی کە تووشی بە شێکی زۆر لە حیزبە کۆن و سونە تیەکانی ڕۆژهەڵات بووەتەوە، ئەوەیە کە پسک بە بێ لە بەرچاوگرتنی دۆستایەتی فلان لایەنی فارسی زمانی بە ناو دۆست وبەکردەوە نەیار کە وەک ماری برینداری لە نێو سینەدا خۆیان حە شار داوە ، لە بەرامبەریان دا ڕادە وەستێت و داخوازیەی ڕەواکانی گەلەکەمان کە سەربەخۆیی یەکجارییە، بە ئاشکراو بێ دڵەڕاوەکێ پێیانڕادەگەیەنێت کە گەلی ئێمە هەرگیز ئێرانی نەبووەو ناشبێت، مافی سەربەستی وسەربە خۆی بۆ گەلی کوردستان تاکە ڕێگە چارەیە، هەر وەک تێکۆشەری لەیاد نەچوو بە ڕێز شەهید د.ع.قاسملوو دەیگوت گەر پێویست بکات بۆ بەرژەوەندی دۆستایەتی تێک دەدەین.

خوێنەرانی بەڕێز شایانی وتنە کە ئەم پارتە لە مانگی داهاتوودا واتا مانگی نۆڤەمبەری ۲۰۰۹ ی زایینی، یەکەمین کونگرەی خۆی لە ژێر ناونیشانی، کونگرەی گەشەی بیری سەربەخۆخوا زی لە رۆژهەڵات کوردستان دەبەستێت، و ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو بە سەر بەرنامە وپرۆگرام و قەوارەی سەرکردایەتیەکەیدا دێنێت، بەرگێکی تازەی نەتەوەیی بوون لە بەر دەکاتەوە.

دۆستان، لایەنگران و ئەندامانی ئەم پارتە چاوەروانیەکی زۆریان لە کونگرەیان هەیە ، هەوەها لەم کونگرەیەدا پێشنیازی لیبرالیزمی دیمۆکراتیک کە ناسراوە بە لیبرالیسمی نوێ دمخرێتە دەنگ دانەوە، تا ئەوەی من وەک نووسەری ئەم بابەتە ئاگاداربم کە ئەو شوعارە بەشی هەرە زۆری

هاوبیرانی پارتی لێی ڕازین، لەوانەیە ئەم تیئۆریە وەک ئامانجی دووا ڕۆژ دیاری بکرێت و هەنگاوی ئەرێنی وەک پێویست بۆ هەڵبگیرێت.

لەم کونگرەیەدا بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاکڤان وخەباتگێر بەشداری دەکەن ، ئەوەی لێرە دا جێگای لێوردبونەوەیە ئەوەیە کە هەر وەک چۆن لە ڕەشنووسی کاتی ئەم پارتە دا هاتووە، ژنان لە نێو خۆیان دا ئەندامانی سەرکردایەتی هەلدەبژێرن بۆ ئەوەی لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە هەوڵی پەراوێز خستنیان نەدرێت، ئەمەش هاندان و ئاسانکارییەکە بۆ ژنانی کورد وهێنانە نێو گۆڕەپانی سیاسیانە، وە ژنان دەتوانن بە مافێکی مێژووی خۆیان بگەن کە بتوانن نیمەی کورسیەکانی سەرکردایەتی پارتێک بە دەست بهێنن ، ئەوەش بۆ یەکەمین جارە لە ناو پارتەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ژنان بتوانن ئەو ڕێژەیەی خۆیان پیویستیانە بە دەستی بهێنن.

بەو هۆکارانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێکرد کە بوونی پارتێکی بەو شێوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی ئەرێنییە، پێویستی بە پشتیوانی کوردستانیانی وڵاتپارێزە کە هاوکاری وهاوپشتیوانی خۆیان بۆ ئەو پارتە پەرە پێبدەن. پشتیوانی ئێوەی بەڕێز لە پارتی سەربەستیی کوردستان لە لایەک پشتیوانییە بۆ جێگیرکردنی کەلتوری پلۆرالیسمی سیاسی، کە تاکوو ئیستا بە واتاکەی خۆی لە نێو پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێ نەکەوتووە ونەبووەتە کەلتور، لە لایەکی دیکەشەوە خەبات بۆ جێکەوتنی کەلتوری دیموکراسی دەکەین کە دەبێتە هۆی کرنەوەی ڕێگایەک بۆ پێکهێنای کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دووا ڕۆژدا.

بە بۆچونی من ئەگەرهەوڵ و تێکۆشانی ئەم پارتە نوێیە بە رز بنرخێنین و پشتیوانی خۆمانی بۆ دووبارە بکەینەوە، دەتوانین سەرکەوتنی باشتر لە پەرەپێدان وبەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا بە دەست بهێنێت.

هاشم موحەممەدی